# کرێکاران، زەحمەتکێشان، کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان!

ئەگەر هاتنی بەفرانبار بۆ تەبیعەت و سروشت، هاتنی بەفر و سەرما و بەستەڵەکە، ئەگەر سروشت بەرگی سپی لەبەر دەکات و دار و سەوزەڵانی و زەوی و کەژ و کێو جوانی دەشارنەوە، ئەگەر مەل و پەلەوەر بە هیوای هاتنی بەهار لە هێلانەکانیاندا کز هەڵدەنیشن و لە جوانییەکانی دەتۆرێن و ئاواز بۆ ژیان و بۆ خۆشەویستی ناخوێنن، ئەگەر دەریا و چۆم و رووبار مات دەبن و سەرکێشی ناکەن، بەڵام لە بەفرانباری 57دا بە پێچەوانەی سروشت و تەبیعەت و باڵندە و دەریا و رووبار، دەریای مەندی پڕ لە رق و تووڕەیی خەڵکی ئێران خرۆشاوە، بەستەڵەك و سەهۆڵ بەندانی زستانی تواندەوە و سەڵای گەرمی ئازادی و رزگاری بە شەیپووری مێژوودا کرد. لە بەفرانباری 57دا خەڵکی راپەڕیوی ئێرلن، بە راپەڕینە مەزنەکەیان، بە سەهۆڵبەندانی 2500ساڵەی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران کۆتاییان هێنان و رەش بەڵەکی گەلانی ئێرانیان تێدا زەماوەند گرت. لە 22ی بەفرانباری 57دا راپەڕینی خەڵکی ئێران بە تێکشکاندنی یەکجاری دەسەڵاتی پاشایەتی، چراخانی خۆشی هەڵکرد. چوار رۆژ پاش ئەم رووداوە مێژووییە تۆلە نەمامەکەی نوێ لە باغی راپەڕین، گەشایەوە و چرای 9 ساڵی تەمەنی داگیرسان کە ناوی کۆمەڵە بوو. لە 26ی رێبەندانی ساڵی 1357دا لە گەرمەی شادی و خۆشی خەڵکی ئێراندا، کۆمەڵە بەبۆنەی گیانبەخت کردنی یەکێك لە دامەزرێنەران و سەرکردەکانیەوە، هاوڕێ "حەمەحسێنی کەریمی" ئاشکرابوونی تێکۆشانی خۆی راگەیاند. کۆمەڵە کە 9 ساڵ بوو لەناو گەرووی ئەژدیهای ساواکدا، لەناو زیندان و کارگا و مەزراکاندا، شان بە شانی هەژارلن و چەوساوەکان کار و خەباتی دەکرد، لە 26ی رێبەندلن دا ئاشکرابوونی خۆی راگەیاند. ئاشکرابوونی کۆمەڵە یانی راگەیاندنی عەزم و ئیرادەی پتەوی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی کورستان، بۆ خەباتی شێلگیر و ماندوویی‌نەناسانە، لە دژی نابەرابەری و چەوسانەوە و هەڵاواردنی ئینسانەکان لەسەر بنەمای قەومییەت و جنسییەت و مەزهەب و بۆ بەدیهێنانی دنیای ئینسانی ئازاد و بەرابەر و دنیای حکوومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم. لە 38مین ساڵ تێکۆشانی ئاشکرا و نهێنی کۆمەڵە لە دژی کۆماری ئیسلامی و هەموو کۆنەپەرستان، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی رۆژە خۆشەکانی راپەڕینی 57، بە پێشوازی 26ی رێبەندان رۆژی کۆمەڵەوە بچین.

رۆژی کۆمەڵە رۆژی جەژنی هەموو کرێکارلن و زە حمەتکێشان و هەموو ئازادیخوازلنی کورستان و ئێرانە.

**پیرۆز بێت 26ی رێبەندان رۆژی کۆمەڵە**

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای سووری سۆسیالیزم**

**کۆمەڵە**

**رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**